خانووی هەرزان و کۆمەڵگەی بەهێز

# بڕوانامەیێک بۆ داخوازان و کرێچیەکانی کۆمەڵەی خانووبەرە

نیسان 2007

# ناوەڕۆک

## بڕوانامەیێک بۆ داخوازان و کرێچییەکانی کۆمەڵەی خانووبەرە 3

ئەم بڕوانامەیە بۆ چییە؟ 3

ئەم بڕوانامەیە بۆ کێیە؟ 3

بۆچی ئەم بڕوانامەیە نووسراوە؟ 4

چۆن بزانم کە بەتەمای چی بم؟ 5

ئەم بڕوانامەیە چی تێدایە؟ 6

## شێوەی بەڕێوەبردنی ئیشوکار 7

پەرەپێدانی بەردەوام 7

یەکسانی و هەمەڕەنگی 7

## پەیداکردنی ماڵێکی نوێ 8

داخوازیکردن 8

## ئێوە و کۆمەڵەی خانووبەرەتان 10

گواستنەوە بۆ ماڵەکەتان 10

ژیان لەناو ماڵەکەتان 11

چۆنیەتی دانی کرێ بۆ ماڵەکەتان 12

چۆن ئەگەر قایل نەبم بە کرێ و بایی دیکە؟ 13

چاکسازی و پەرەپێدان 14

خاوەن خانووەکان و بەشدارانی موڵک 15

## زانیاری 16

ئایا مافەکانم دەتوانرێ بگۆڕرێن؟ 16

## راوێژکاری و بەشداریکردن 18

## شکایەت کردن 18

یەکەم جار 18

چی تریش دەتوانم بکەم؟ 18

## زانیاری زیاتر 20

پەیوەندی بەسوود 20

ئۆفیسەکانی ئێمە 21

# بڕوانامەیێك بۆ داخوازان و کرێچیەکانی کۆمەڵەی خانووبەرە

## ئەم بڕوانامەیە بۆ چییە؟

**ئەم بڕوانامەیە گرنگە.**

**دەتوانن ئەم بڕوانامەیە بەکاربهێنن بۆ زانینی ئەو شتانەی کە دەتوانن بەتەمای بن، و چاودێری ئەوە بکەن کە خزمەتگوزاری پێویست لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان وەرگرن.**

**هەروەها پێشتان دەڵێت کە چی بکەن ئەگەر وابزانن کە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان ڕێزی لەم بڕوانامەیە نەگرتوە.**

## بڕوانامەکە بۆ کێیە؟

**ئەم بڕوانامەیە پەیوەندی بە ئێوە هەیە ئەگەر ئێوە داخوازی خانوو بکەن یان کرێچین یا خاوەنماڵن یا بەشداری موڵکن یان پسووڵەی کۆمەڵەیێکی خانووبەرەتان هەیە کە لەگەڵ هاوسینگ کۆرپۆرەیشن تۆمارکراوە و ماڵەکەتان لە ڕێگەی کۆمەکی گشتیەوە دەستکەوتوە.**

**هەروەها لەوانەشە کە پەیوەندی بە ئێوەوە هەبێت ئەگەر ئێوە لە شێوەیێکی دی خانووبەرەدا بژین و کۆمەڵەیێکی خانووبەرە خاوەنی ماڵەکەتانە یان بەڕێوەی دەبات.**

**دەبێ ئێوە هەموو بڕوانامەکە بخوێننەوە و ئەگەر دڵنیانین کە بەشێك پەیوەندی بە ئێوەوە هەبێت، پرسیار بکەن لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان تاکو بۆتان شیبکاتەوە.**

## ئەم بڕوانامەیە بۆچی نووسراوە؟

پتر لە 2000 کۆمەڵەی خانووبەرە لە ئینگلتەرەدا هەن کە لەگەڵ هاوسینگ کۆرپۆرەیشن تۆمارکراون. ئەمانە لەنێو خۆیاندا پتر لە دوو ملیۆن ماڵ بەڕێوەدەبەن. هاوسینگ کۆرپۆرەیشن وەك رێکخەرێکی ئەم بوارەیە و داواکاریەکانی بۆ رێکخستن بلاَوکردوەتەوە کە پێویستە هەموو کۆمەڵە تۆمارکراوەکانی خانووبەرە پابەندیان بن. بلاَوکراوەکەیان ناوناوە (رێگای پێشکەوتن: روانگەی ئێمە بۆ رێکخستن) و بە کۆدی رێکخستن ناسراوە و لەگەڵ ئەویشدا چەند بلاَوکراوەی دی هەن کە ناویان نراوە (چۆن رێکخستن دەکەین) کە زانیاری زیاتر سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنمان پێشکەش دەکەن. کۆپی ئەم بلاَوکراوانە دەتوانرێ لە وێبسایتی www.housingcorp.gov.uk داونلۆد بکرێن.

هەر وەك رۆلێکی رێکخستنیش ئێمە ئەم بڕوانامەیەمان نووسیوە تاکو سەبارەت بەم شتانەی خوارەوە ئامۆژگاریتان پێشکەش بکات:

- کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ چی بکات تاکو پابەندی کۆدی رێکخستن بێت، وە
- هەندێك مەرجی دیکە کە بە رەوشێکی باش دادەنرێن و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پێویستە پابەندییان بکات.

هەندێك کۆمەڵەی خانووبەرە لەوانەیە خزمەتگوزاری زیاتر لەم بڕوانامەیە پێشکەش بکەن بەلاَم هیچیان نابێ لەمە کەمتر بن.

پشکنینی کۆمەڵەکانی خانووبەرە لەلایەن (لیژنەی سەرژمێرکردنەوەی پشکنینی خانووبەرە)وە بەرپا دەکرێت. پشکنینەکان دەڕواننە چۆنیەتی بەکرێدان و راگرتنی ماڵەکان و چۆنیەتی بەشداری کرێچیەکان و بیروڕای کڕیارەکان سەبارەت بە خزمەتگوزاریەکان و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ سکالاَکردن. لیژنەی سەرژمێرکردنەوەکە سەرەنجامی پشکنینەکەی خۆی بۆ کۆمەڵەکانی خانووبەرە پێشکەشی رێکخەری فەرمی، کە کۆرپۆرەیشنەکەیە، دەکات.

# چۆن بزانم کە بەتەمای چی بم؟

گشت کۆمەڵەکانی خانووبەرە پێویستە پەیڕەوی یاسا و کۆدی ڕێکخستنی ئێمە بکەن.

کە لەم بڕوانامەیەدا دەڵێین "پێویستە" مانای وایە کە ئێوە مافتان هەیە بەپێی یاسا یان کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پێویستە پەیڕەوی بکات بە کۆدی ڕێکخستنەکەی ئێمەوە.

بەڵام کە وشەی "دەبێ" بەکار دەهێنین، مانای وایە کۆمەڵەکانی خانووبەرە بەئاسایی لەبەر ڕەوشتی باش پەیڕەوی ئەو شتانە دەکەن.

مافەکانی ڕێککەوتنتان لەناو ڕێککەوتننامەی کرێچیەتی، خاوەن موڵکایەتی، بواردان یان هەر ڕێککەوتننامەیەکی نووسراوی دیدا هەن کە پێش گواستنەوە بۆماڵەکەتان ئیمزاتان کردوە. لەوانەشە کە هەندێك مافی یاسایی دیتان هەبێ بەپێی (ئاکتی پەرلەمان)ی جۆراوجۆر. **ئەم بڕوانامەیە هەوڵی ئەوە نادات کە باسی هەموو مافە یاساییەکانی ئێوە بکات بەڵام جەختی هەندێك شتی گرنگ دەکاتەوە کە کاردەکەنە سەر پەیوەندیەکانی ئێوە بە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانەوە.** ئەگەر ئێوە سەبارەت بە مافەکانتان یان بەرپرسیاریتان دڵنیا نین داوای یارمەتی لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن یان ئامۆژگاری پارێزەرێك یا بنکەییێکی ڕاوێژکاری وەك بیرۆی ڕاوێژکاری هاووڵاتیان، وەرگرن.

مافەکانی ئێوە جۆراوجۆر دەگۆڕرێن بەپێی ئەوەی ئایا ئێوە تەنیا داخوازکاری ماڵن یان کرێچیەتی یان کڕین وە یا دەمێکە کرێچین یا خاوەنموڵکی کاتین و ئەگەر واشە چ جۆرە ڕێکەوتننامەیێکتان هەیە. گرنگ ئەوەیە کە لەبیرتان نەچێ کە ئێوە کرێچی بن یا خاوەنموڵکی کاتی بەرپرسیارن لە چەند شتێك کە ئەگەر پەیڕەوییان نەکەن ئەوا کاریگەری دەکەنە سەر مافەکانتان.

هەروەها ئێوە کاتێك کە پێش گواستنەوەتەن ڕێکەوتننامە مۆردەکەن وەك ڕێکەوتننامەی کرێچیەتی یا بواردان یا خاوەنموڵکایەتی کاتی ئەوا زانیاری سەبارەت بە ماف و لێپرسراویتان لەو ڕێکەوتننامەیەدان. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پێویستە کۆپییێکتان بداتێ. هەروەها دەبێ نامیلکەییێکیش وەرگرن کە زانیاری سەبارەت بە ڕامیاری و ڕەوشتی کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانی تێدایە.

لەوانەیە هەندێك کرێچی مافی کڕینی ماڵەکەیان هەبێت. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ پێتان بڵێت کە ئایا دەتوانن ئەوە بکەن.

# ئەم بڕوانامەیە چی تێدایە؟

بڕوانامەکە لە چەند بەشێک پێکهاتوە:

## چۆن کارەکان بەڕێوەدەبرێن

لێرەدا ناوی بەڕێوەبەران و باشترین رێگەی بەڕێوەبردن نووسراوە.

## پەیداکردنی ماڵێکی نوێ

لێرەدا مافەکانی ئێوە و ئەو شتانە نووسراون کە ئێوە دەتوانن بەتەمایان بن کاتێک کە داخوازی بەکرێگرتن یان کڕینی ماڵێک دەکەن.

## ئێوە و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان

ئەمەیان باسی مافی ئێوە دەکات بۆ بەجێهێشتنی ماڵەکەتان و ژیان لەگەڵ دراوسێکانتان و لێپرسراوی ئێوە بەرامبەر کرێدان و بایی خزمەتگوزاری دان و بەتەمای چی بن بۆ چاککردنەوە و پەرەپێدان.

## زانیاری

ئەمەش سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانەیە کە ئێوە دەبێ بەتەمایان بن و بەتەمای چ زانیاریێک بن و چ زانیارییێکیش سەبارەت بە ئێوە لای ئێمە هەیە.

## راوێژکاری و بەشداریکردن

پێتان دەڵێت کە چۆن دەتوانن بیروڕای خۆتان بگەیێنن و بەشداری زیاتر بکەن لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی خانووبەرەدا.

## پێشکەشکردنی سکالاّ

پێتان دەڵێت کە چی بکەن ئەگەر وابزانن کە کۆمەڵەی خانووبەرە کارەکانی بەشێوەیێکی شیاو ناکات.

## بۆ زانیاری زیاتر

هەندێک پەیوەندی بەسوود ئەگەر بخوازن کۆمەك و ئامۆژگاری زیاتر بەدەست بهێنن.

# چۆن کارەکان بەڕێوەدەبرێن

هەر کۆمەڵەیێکی خانووبەرە لەلایەن دەستەییێکی بەڕێوەبەرایەتییەوە بەڕێوەدەبرێت کە ئەرکی پابەندبوونی کۆمەڵەکە بە یاسا و ئاکتەکان بەپێی کۆدی رێکخستن دەگرنە ئەستۆ.  هەروا بڕیاری سەرەکیش دەدەن لەسەر ئەو رامیارانەی کە کۆمەڵەی خانووبەرە پەیڕەوییان دەکات. گشت کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** هیچ گومانێك لە باری دارایی خۆیان نەهێڵن.

## پەرەپێدانی بەردەوام

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** هەوڵ بدەن کە بگەنە ئامانجی پەرەپێدانی بەردەوام و نرخی شیاو بۆ خزمەتگوزاریەکانیان.  ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە **پێویستە** پەیتا پەیتا بە خزمەتگوزاریەکانیاندا بچنەوە و **پێویستە** خواست و پێویستیەکانی دانیشتوەکانیان رەچاوبگرن. دەبێ کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان سەبارەت بە چۆنیەتی ئیشوکاریان و سەرەنجامی پشکنینەکان ئاگادارتان بکەن.

## یەکسانی و هەمەڕەنگی

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** پەیڕەوی خۆیان پیشان بدەن بە بواری یەکسان لە هەموو کارەکانیاندا و **پێویستە** بۆ لەناوبردنی جیاوازیکردن کاربکەن.  وە **پێویستە** مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵك و کۆمەڵگە و رێکخراوەکان رەوا بێت وە روانگەیان بەرامبەر بە ماف و لێپرسراوی تاکە کەسان رەوا بێت.  **پێویستە** ئەوان رامیارییێکان هەبێت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیوەندی باش لەنێوان خەڵکانی گروپی جیای رەگەز و هەمەڕەنگی کولتور و پاشەرۆکیان رەچاوبگرن.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** رامیارییێکی یەکسانی بوار و هەمە جۆرییان هەبێت کە گشت لایەنەکانی رەگەز، ئایین، توخم، حاڵی خێزانداری، سێکسخوازی، کەلەلایی یان تەمەن بگرێتەوە.  ئێوە دەشێ بەتامای ئەوەبن کە دادپەروەرانە و بێ جیاکاری مامەڵەتان لەگەڵ بکرێت و خزمەتگوزاریەکان لە بەردەست هەموو ماڵنشینەکان بن.

ئەگەر پێویستیتان بە هەندێك چاودێری و خزمەتگوزاری تایبەت هەبێت، دەبێ کۆمەکی شیاوتان بکرێت بۆ بەدەستهێنانیان.

# پەیداکردنی ماڵێکی نوێ

## داخوازیکردن

ئەگەر داخوازی ماڵێك بکەن چ بۆ کرێ یان کڕین دەتوانن داوای بینینی درێژەی ئەو خزمەتگوزاریانە بکەن کە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پێشکەشتانی دەکات و کێ و چۆن بڕیار لەسەر داخوازیەکەتان دەدات. هەموو کۆمەڵەکانی خانووبەرە پێویستە ئەم بەڵگەنامانە پێشکەش بکەن.

کاتێك داخوازی ماڵێك بۆ کرێ دەکەن دەشێ بتوانن راستەوخۆ داخوازیەکە پێشکەشی کۆمەڵەیێکی خانووبەرە بکەن وە یان لە رێگەی شارەوانیەکەی خۆتانەوە ناونووس بکرێن. زۆر لە کۆمەڵەکانی خانووبەرە لەگەڵ شارەوانیە ناوچەییەکان کاردەکەن بۆ پەیداکردنی بواری هەڵبژاردنی پتر و لیستەیێکی چاوەڕێکردنی هاوبەشیان هەیە کە هەندێك جار پێی دەگوترێ تۆماری هاوبەش. دەبێ لەو کۆمەڵەی خانووبەروە بپرسن کە هەڵتان بژاردوە کە چۆن لەناوچەکەی ئێوەدا ئەوە روو ئەدات.

ئەگەر پێویست بکات، دەبێ یارمەتیتان بدرێت بۆ پڕکردنەوەی فۆرمەکان. کۆمەڵەکانی خانووبەرە دەبێ جەخت بکەنەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو کەس فۆرم و زانیاریەکان تێبگات. ئەگەر نارەحەتی لە تێگەیشتنی فۆرم و زانیاریەکان ببینن و پێویستتان بە یارمەتی یان وەرگێرانیان بۆ زمانێکی دی هەبێت، دەتوانن داوا لە کۆمەڵەکە بۆ وەرگێران و کۆمەکی دی بکەن.

لەوانەیە لە هەندێك بارودۆخدا داخوازیەکەتان رەچاو نەگیرێت بۆ نمونە ئەگەر خووڕەوشتی جارانتان بەباش نەزانرێت و مەترسی هەبێت بۆ راگرتنتان وەك ماڵنشینێك. دەبێ لەکاتی داخوازیەکەتاندا ئەم مەرجانەتان پێ بگوترێت. ئەگەر وەك داخوازکاری بەکرێگرتنی ماڵێك وەرگیران، کۆمەڵەی خانووبەرەکە ئەگەر بتوانێ دەبێ بواری هەڵبژاردنی خانووبەرەی شیاو بە ئێوە بدات.

لە فۆرمی داخوازکاریدا لەسەر ئێوە **پێویستە** کە زانیاری راست بدەن. ئەگەر بە ئەنقەست زانیاری نادروست بدەن، کۆمەڵەی خانووبەرەکە دەتوانێت هەنگاوی یاسایی بەرامبەرتان دەست پێ بکات و لە ماڵەکە دەرتان بکات.

دەبێ سەبارەت بەو ماف و لێپرسراویانەی کە مۆرتان لەسەر کردون زانیاریتان بدرێتێ لەگەڵ هەچ نامیلکە و زانیاری دی سەبارەت ئەو ڕێکەوتننامەیەی داواتان لێدەکرێت کە مۆری بکەن. ئەم شتانە بە وردی بخوێننەوە و بڕیاربدەن کە ئایا دەخوازن خۆتان پێیان پابەست بکەن. ئەگەر دڵنیا نەبوون دەتوانن ئامۆژگاری پارێزەرێك یان بنکەیێکی راوێژکاری ناوچەکەتان وەرگرن.

ئەگەر داخوازی کڕینی ماڵێك دەکەن، لەوانەیە داخوازیەکەتان ببەسترێت بە کەمترین یان بەرزترین دەستکەوتی خۆتانەوە، کە دەبێ بۆتان شیبکرێتەوە. خاوەنمولکەکان لەوانەش کە بەشداری مولکن دەبێ زانیارییان بدرێتێ سەبارەت بە ماف و لێپرسراوی دارایی و ئەوشتانەی کە ڕێکەوتننامەکە پێیان دەتانبەستێتەوە. بەوردی بڕیاربدەن کە ئایا دەتانەوێ خۆتان بەوشتانە پابەست بکەن. ئەگەر دڵنیاش نەبوون ئامۆژگاری پارێزەرێك یان بنکەیێکی راوێژکاری وەرگرن.

# ئێوە و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان

## گواستنەوە بۆ ماڵەکەتان

**پێویستە** کۆپییەکی نووسراوی ئەو ڕێکەوتنامەیەتان بدرێتێ کە مۆرتانکردووە. کۆمەڵەکانی خانووبەرە ڕێکەوتننامەی جیاجیایان هەیە. ئەوان **پێویستە** دڵنیاترین شێوەی کرێچیەتیتان بدەنێ کە پەیوەندی بە هۆکاری خانووگرتنەکەی ئێوەوە هەیە.

پێش ئەوەی ئیمزاش بکەن دەبێ جۆری ڕێکەوتننامە و ماناکەی بۆ ئێوە شیبکرێتەوە.

ڕێکەوتننامە کۆنتراتێکی بەیاسا بەستراوە لەنێوان ئێوە و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان. پێویستە بە روونی ئەم شتانەی تێدابێت:

- ئێوە لێپرسراوی چین و مافتان چیە،
- ماف و لێپرسراویەکانی کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان
- کرێ، نرخی خزمەتگوزاریەکان و بایی هەر شتێکی دی کە پێویستە ئێوە بیدەن، لەگەڵ ئەویشدا کاتی بەسەرکردنەوەیان.

ئەگەر پێویستیتان بە کۆمەك هەبێت بۆ ژیان لە ماڵە نوێکەتاندا و بە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بڵێن، ئەوان دەبێ زانیاریتان سەبارەت بەو خزمەتگوزاریانە بدەنێ کە یارمەتی پێشکەش دەکەن و ئەگەر شیاویش بێت یارمەتیتان بدەن بۆ گەیشتن بەو خزمەتگوزاریانە. خودی خزمەتگوزاریەکان لەوانەی لەلایەن کۆمەڵەی خانووبەرەکە خۆی یان ئاژانس و ڕێکخراوی دیەوە پێشکەش بکرێن. دەتوانن داوای زانیاریش بکەن سەبارەت بە ئاستی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە دەتوانن بەتەمایان بن لەگەڵ نرخ و بوونی کۆمەکی دارایی بۆیان.

ئەگەر هەندێك شت لەگەڵ خەڵکی دی بەشدارن وەك ئاشگا و هۆڵ پێویستە پێتان بوترێت کە ئەمانە بۆ بەکارهێنانی ئێوە دەکرێنەوە. ئەگەر کرێچیەتیەکەتان کورتخایەنە و کاتێك ماوەکەی تەواو دەبێت، بەمەرجێك هیچ لە مەرجەکانی کرێچیەتیتان نەشکاندبێت، کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ ئامۆژگاری و زانیاریتان بداتێ بۆ یارمەتیدانتان بۆ دۆزینەوەی شوێنێکی دی بۆ گوزەران. ئەگەر کرێچیەتیەکەشتان سەرەتایی بێت، کە ئەمەش تەنیا بۆ یەك ساڵە، لە باری ئاساییدا ئەگەر هیچ لە مەرجەکانی ڕێکەوتننامەی کرێچیەتیتان نەشکاندبێت ئەوا هەرخۆی دەگۆڕرێت بە کرێچیەتی دڵنیا.

## ژیان لەناو ماڵەکەتان

بەگشتی ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە بە ئاشتی و هێمنی لەماڵەکەی خۆتاندا بژین و هەمان شتیش بۆ دراوسێکانتان. هەرجۆرە ڕێکەوتننامەیەکیشتان هەبێت ئێوە مافتان هەیە کە لە ماڵەکەدا بمێننەوە بەدرێژایی ئەو کاتەی کە ڕێکەوتننامەکەتان بوارتان دەدات و بەو مەرجەی کە پەیڕەوی خاڵەکانی ڕێکەوتننامەکەتان بکەن.

لەکاتی مردنتاندا لەوانەیە کرێچیەکەتان بگوازرێتەوە بۆ ئەو کەسەی کە لەگەڵتان وەك هاوسەر و دۆست ژیاوە. بۆ ئەوەی بزانن کە ئەمە ئێوە دەگرێتەوە پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن. کۆمەڵەی خانووبەرەکەشتان دەبێ پێتان بڵێت کە ڕامیاریان سەبارەت بە کرێچیەتی هاوبەش چییە.

لە هەندێك بارودۆخدا لەوانەیە داوای بەجێهێشتنی ماڵەکەتان لێبکرێت. ئەو کاتە بەئاسایی ئاگادارییێکی نووسراوتان دەدرێتێ و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ داخوازی پێشکەشی دادگا بکات تاکو لە ماڵەکە دەرتان بکات، مەگەر ئێوە بەپێی ڕێکەوتننامەیێکدا لە ماڵەکەدا بن کە پێویستی بە بڕیاری دادگا نەبێ بۆ دەرکردنتان. ئەگەر ئێوە لە ماڵەکەدا وەك ماڵی سەرەکی خۆتان نەژین لەوانەیە دڵنیایی ڕێکەوتننامەکەدان ون بکەن و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەشێ داخوازی پێشکەشی دادگا بکات بۆ دەرکردنتان. لەناو ڕێکەوتننامەکەتاندا ئەو بارودۆخانە باسکراون کە تیایدا کرێچیەتیەکەتان کۆتایی دێت. بۆ نموونە ئەگەر ئێوە وەك ئەندامێکی تەواو هاوبەشی هاریکاری خانووبەرە نەمێنن یان ئەگەر هەر مەرجێکی ڕێکەوتننامەکەتان بشکێنن وەکو نەدانی کرێ یان بایی خزمەتگوزاریەکان وە یان بەئەنقەست زانیاری نادروست بدەن.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** تەنیا وەك دواهەمین هەنگاو هەوڵی دەرکردنتان بدات و ئەگەر هیچ ڕێگەیێکی ماقوڵی دی نەمێنێت. ئێوە مافی ئەوەتان هەیە کە بزانن ڕامیاری کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان چییە و چۆن مامەڵە لەگەڵ دەرکردندا دەکەن.

ئەگەر ئێوە لەژێر چاودێری و کۆمەکی کۆمەڵایەتیدان و کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان هەنگاوی ناوە بۆ دەرکردنتان، پێویستە یارمەتیتان بۆ پێشنیار بکرێت. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ ئەو ئاژانس و ڕێکخراوانە ئاگاداربکاتەوە کە چاودێری ئێوە دەکەن سەبارەت بەو هەنگاوانەی کە نراون.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** کورتەیێکی رامیارییەکانی و رێگەی مامەڵەکردنی سەبارەت بە خووڕەوشتی دژی کۆمەلأیەتی بلأوبکاتەوە. رێکەوتننامەی کرێچیەتی دەبێ چەند مەرجێکی تێدابێت سەبارەت بە قرەقرِ و گێرەشێوێنی کە ئێوە و ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە لەگەڵتان دەژین یان سەردانتان دەکەن. ئێوە لەوانەیە بکەونە مەترسی دۆڕندنی ماڵەکەتان ئەگەر هەڵسوکەوتی خۆتان و ئەندامانی خێزانەکەتان یان ئەوانەی کە سەردانتان دەکەن بۆ ماڵەکەتان دەبنە هۆی گێرەشێوێنییێکی زۆر بۆ ئەوانەی دەوروبەرتان.

ئەگەر خۆشتان تووشی قرەقرِ و گێرەشێوێنی و هەڵسووکەوتی دژی کۆمەلأیەتی بوون دەتوانن داوای یارمەتی و ئامۆژگاری لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن. ئەگەر ئێوە بەشداری مولکن، لە رێکەوتننامەکەتاندا بەگشتی ئەرکەکانتان بۆ ئەوەی نەبنە هۆی گێرەشێوێنی یان هەلسووکەوتی دژی کۆمەلأیەتی باسکراون. ئەو بارودۆخانەی کە تیایدا کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەتوانێت ئێوە بەزۆر لە ماڵەکەتان دەربکات زۆر کەمن ئەویش تەنها پاش ئەوەی کە بەرای دادگا یان دەزگاییێکی ناوبژی ئێوە مەرجێکی رێکەوتننامەکەتان شکاندوە و بەردەوامن لەسەر شکاندنی، وە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان هەنگاوی یاسایی لەرێگای دادگاوە ناوە بۆ وەرگرتنەوەی مولکیەت.

## چۆنیەتی دانی کرێ بۆ ماڵەکەتان

## کرێ

کۆمەڵەکانی خانووبەرە پێویستە کرێی خۆیان بەگوێرەی رامیاری کرێی میری دابنێن کە پەیوەستە بە نرخی ماڵەکەتان و میانەی دەسکەوتی ئەو خەڵکانەی کە لە هەمان ناوچەدا دەژین. کرێی ئەوان بەگشتی و بەردەوام کەمتر لەوەیە کە خاوەنموڵکانی تایبەت وەریدەگرن.

مەرجی جۆراوجۆر هەیە سەبارەت بە کاتی دانی کرێ و ماوەی ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت. رێکەوتننامەکەتان دەبێ ئەوەی تێدا بێت یان دەتوانن لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بپرسن کە کام لەو مەرجانە پەیوەندیان بە ئێوەوە هەیە. ئەگەر ئێوە لە شارەوانییێکی ناوچەییەوە گواستوتانەتەوە بۆ کۆمەڵەیێکی خانووبەرە و مسۆگەری کرێتان پێ بەخشراوە، ئەوا کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پێویستە رێز لەو مسۆگەرییە بگرێت.

کرێ بەئاسایی پێشەکی دەدرێت بەلأم نابێ داواتان لێبکرێت کە پتر لە یەك مانگ کرێ پێشەکی بدەن. نابێ پارەی "سەرقوفلأنە" یان بارمتەتان لێ داوابکرێت (مەگەر ماڵەکەتان تفاقی تێدا بێت). لەوانەشە مەرجی جیا هەبێت بۆ ئەوانەی کە ماڵەکەیان دەکرِن.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** زانیاریتان بداتێ سەبارەت:

- چۆنیەتی دیاریکردنی کرێکەتان،
- ئاستی کرێ لەهەمو ماڵەکانی سەر بەئەوان و لەهەموو ناوچەکەتاندا، وە
- چەند باشە لەبارەی کۆکردنەوەی کرێوە.

**پێویستە** بەنووسراوی پێشەکی ئاگادار بکرێن سەبارەت بە هەچ گۆڕانکارییێك لە کرێکەتاندا. نابێ کرێ پتر لە یەکجار لەساڵێکدا زیاد بکرێت مەگەر بە رەزامەندی هەردوولا. تەماشای رێکەوتننامەکەتان بکەن تابزانن چەند کاتی ئاگادارکردنەوەتان دەدرێتێ یان پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن. زۆر کۆمەڵەی خانووبەرە کاتێك کە کرێچیەتیەکە لە مانگ کەمترە (بۆ نموونە هەفتانە) ئەوا بەروارێکی تایبەت بۆ زیادکردنی کرێ دادەنێن.

## بایی خزمەتگوزاریەکان

لەوانەیە داواتان لێبکرێت کە هەندێك پارەی دی بدەن سەرەڕای یان لەجیاتی کرێ بۆ نموونە بۆ راگرتنی شوێنە هاوبەشەکان. ئەم خزمەتگوزاریانە لەوانەیە لەلایەن کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان خۆیەوە یان ئاژانسی دیەوە دابین بکرێن.

ئەگەر ئێوە خاوەنمولکی کاتی یان بەشداری مولکن، ڕێکەوتننامەکەتان پێتان دەڵێت کە دەبێ بۆ چ خزمەتگورزارییێك پارە بدەن. لەوانەیە بەشێکی ئەوەی تێدابێت کە پێی دەوترێ "بودجەی کتوپڕی" بۆ چاککردنەوە و ڕاگرتنی گەورە. گشت بودجەیێکی کتوپڕی لەو بابەتە **پێویستە** بە ئەمانەت دابنرێ و پارەکەی تەنیا بۆ ئەو مەبەستەی ناو ڕێکەوتننامەکە دابنرێت.
هەر کۆمەڵەیێکی خانووبەرە کە خاوەنی یان بەڕێوەبەری نەخشەی خاوەنمالآنی کاتین کە بەتەمەنن دەبێ پەیڕەوی کۆدی ڕەوشتی کۆمەڵەی بەڕێوەبەرانی خانووبەرەی خانەنشینی (ARHM) بکات بۆ ئەم جۆرە خانوانە.
کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** زانیاریتان بداتێ سەبارەت بەو جۆرە بابیانەی کە **پێویستە** ئێوە بیدەن، چەندی تێدەچێ و چۆن دیاریکراون. لە هەندێك بارودۆخدا دەتوانن ئەو ژماردنانە بەسەربکەنەوە کە لەسەریان ئەو زانیاریانە دانراون بەڵآم لەوانەیە ئەمەش پارەی تێبچێت. پێویستە ئاگاداری نووسراوی پێشەکیتان بدرێتێ سەبارەت بەهەر زیادکردنێکی بابی خزمەتگوزاریەکان. تەماشای ڕێکەوتننامەکەتان بکەن یان پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن سەبارەت بەو مەرجانەی کە پەیوەندیان بە ئێوەوە هەیە.
لە هەندێك باردا لەوانەیە مافتان هەبێت کە چاودێرێکی بێلایەن دیاریبکەن بۆ پشکنینی بەڵگەنامە و مولکەکان. دەتوانن پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن کە ئایا ئەو مافەتان هەیە.
ئەگەر گیروگرفتتان هەبوو بۆ دانی کرێ یان بابی خزمەتگوزاریەکان، **پێویستە** کە زانیاری و یارمەتیتان بدرێتێ بۆ دۆزینەوەی ئەو کۆمەکە کۆمەڵآیەتیانەی کە دەتوانن یارمەتی داراییتان پێشکەش بکەن.

## چۆن ئەگەر قایل نەبم بە کرێ و بابی دیکە؟

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** پێتان بڵێت سەبارەت بە مافی ئێوە بۆ پێداچوونەوەی کرێ و بابی خزمەتگوزارەکانی دی، ئەم زانیاریانە بەئاسایی بە ئێوە دەدرێن کاتێك کە سەبارەت بە زیادکردنی کرێ ڕادەگەیێنرێن. مافەکانتان پابەستن بە جۆری ئەو ڕێکەوتننامەیەی کە مۆرتان کردوە. دەبێ ئێوە تەماشای ڕێکەوتننامەکەتان بکەن و پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن سەبارەت بە مافەکانتان. هەروا دەشتوانن پرسیار لە بنکەیێکی ڕاوێژکاری ناوچەکەتان یان پارێزەرێك بکەن.
ئەگەر ئێوە کرێچین و دەخوازن داوای پێداچوونەوەی کرێکەتان بکەن، لەوانەیە مافتان هەبێت کە پەنابەرن بۆ فەرمانبەرێکی کرێ یان دەزگاییێکی بێلایەن کە پێی دوترێ لیژنەی هەڵسەنگاندنی کرێ تاکو تەماشای ئەو کرێیە بکات کە دیاریکراوە ئایا شیاوە یان بە ڕەوای ئەزانن. ئەمانە مەرجی جۆراوجۆریان هەیە کە پابەستن بەجۆری ئەو کرێچیەتیەی کە ئێوە هەتانە. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** پەیڕەوی هەرشتێك بکات کە لیژنەکە دەیڵێت بەڵآم بەمەش لەوانەیە کرێکەشتان زیاتر بکرێت نەك کەم.
هەمان شێوەی مافی پێداچوونەوە بۆ هەندێك بابی خزمەتگوزاری لەئارادایە. بۆ زانیاری پتر پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن یان بچن بۆ بنکەیێکی ڕاوێژکاری.
ئەگەر ئێوە خاوەنمولکی کاتین و باوەڕتان وایە کە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پارەی خزمەتگوزارییێکتان لێدەستێنێت بێ ئەوەی مافی ئەوەی هەبێت یان ئاستی پارەکە ناماقوڵە یان ئاستی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکە ناماقوڵە ئەوسا دەتوانن داوا لە دەزگای ناوبژی هەڵسەنگاندنی خاوەنمولکایەتی کاتی بکەن تاکو بڕیار لەسەر ئاستی پارەکە بدەن.
ئەگەر بەردەوام نەبن لەسەر دانی کرێ و بابی دیکە دەکەونە مەترسی ونکردنی ماڵەکەتان.
ئەگەر ئێوە بەشداری مولکن دەتوانن بەشەکەی خۆتان لە ماڵەکەتان بفرۆشن و واز لە خاوەنیەتی بهێنن. **پێویستە** پێش فرۆشتنەکە بە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بڵێن چونکە لەوانەیە هەندێك مەرجی دژ بەوە لە ڕێکەوتننامەکەتاندا هەبێت کە نەیەڵن لە بازاڕی کراوەدا فرۆشتنەکە جێبەجێ بکەن.

# چاککردنەوە و پەرەپێدان

## کرێچیەکان

کۆمەڵەی خانووبەرە **پێویستە** جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی کە باری ماڵەکەتان شیاو بێت و هاوسین کۆرپۆرەیشن پێشبینی ئەوە دەکات کە ماڵەکەتان لە ئاستێکی باشتر لە کەمترین باری دیاریکراو لەلایەن یاساوە بێت. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** ماڵەکەتان بە چاکی رابگرێ و لە سەلامەتی بۆ گوزەران دڵنیابێت. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** رامیاری بۆ چاکراگرتنی ماڵەکەتان هەبێت و جەخت بکاتەوە لەسەر هەنگاونان بەرەو گەیشتن بەو ئاستەی کە میری دیاریکردوە. دەتوانن داوای بینینی کۆپی ئەم رامیاریانە بکەن.

ئێوە خۆشتان هەندێك لێپرسراویتان بەرامبەر بە راگرتنی باری باشی ماڵەکەتان دەبێت و رێکەوتننامە و نامیلکەکەتان ئەم ئەو بابەتانەی لێپرسراویەتیتان پێ دەڵێت. ئەگەر دڵنیا نین پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن.

ئەگەر ئێوە کرێچین کۆمەڵەی خانووبەرە پێویستە ستروکتووری ماڵەکەتان بە چاککردنەوەی باش بهێڵێتەوە و جەخت بکاتەوە لەسەر چاکڕاگرتنی. خۆشتان لێپرسراون لەسەر هەر زیانێك کە خۆتان دەبنە هۆی. هەروەها لێپرسراویەتی دیکەشتان دەبێت بۆ نموونە بۆ دیکۆری ماڵەکەتان. رێکەوتننامە و نامیلکەکەتان دەبێ پێتان بڵێن کە ئێوە چی بکەن و کۆمەڵەی خانووبەرە لێپرسراوی چییە.

ئەگەر ماڵەکەتان بەپێی گواستنەوەیێکی خۆیی موڵك لەلایەن شارەوانییێکی ناوچەییەوە بۆ کۆمەڵەیێکی خانووبەرە گوێزرابێتەوە لەوانەیە هەندێك مەرجتان سەبارەت بە چۆنیەتی چاککردنەوە و پەرەپێدان بۆ دانرابێت کە هەموو ماڵێك دەگرێتەوە و بەرپا دەکرێن. کۆپی بەڵگەنامەی پێشنیاری فەرمی (کە دەشێ پێش گواستنەوەی ماڵەکە پێتان درابێت) ئەو زانیاریانەی تێدایە، یان دەتوانن پرسیار لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** سیستەمێکی مامەڵەکردن لەگەڵ چاککردنەوەکاندا هەبێت کە پێویستیەکانی دانیشتوان جێبەجێ بکات. دەبێ سنوورێکی کاتیشی هەبێت بۆ بەدەمەوە چوونی چاککردنەوەی کتوپڕی و چاککردنەوەی خێرا و چاککردنەوەی رۆتینی. دەبێ زانیاریشتان بدرێتێ سەبارەت بە چۆنیەتی راگەیاندنی چاککردنەوە و درێژەی سنووری کاتی و درێژەی باشی گەیشتن بە ئامانجەکان.

ئێوە دەبێ پێویستی چاککردنەوە یەکسەر رابگەیێنن و بواری شیاو بۆ چوونە ناو ماڵەکە بدەن تاکو کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان پشکنین و چاککردنەوەکان بتوانێ بکات. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ بەپێی سیستەمێکی دیاریکردنی کات کاربکات. لەم رووەوە پرسیار بکەن. دەبێ زانیاریتان بدرێتێ سەبارەت بە هەچ چاکڕاگرتنێکی درێژخایەن وەك پەنجەرەی دووتا و سەربانی نوێ و دیکۆری دەرەوە. دەبێ سەبارەت بە کارەکان راوێژکاریتان لەگەڵدا بکرێت. ئەگەر چاککردنەوەکان ئەوە بگەیێنن کە دەبێ کرێ یان بایی خزمەتگوزاری زیاتر بدەن **پێویستە** پێش دەستپێکردنی کارەکان ئەمەتان پێ رابگەیێنن.

## ئایا دەتوانم خۆم پەرەپێدان سازبکەم؟

لەوانەیە بتوانن خۆتان هەندێك پەرەپێدان لە ماڵەکەی خۆتاندا سازبکەن، وەك حەمام یان ئاشگای نوێ. رێکەوتننامەی کرێچیەتی یا خاوەنمولکی کاتی یان نامیلکە پێتان دەڵێت کە چی دەتوانن بکەن. مەرجی جیا هەن بۆ هەندێك کرێچی وەك ئەوانەی لە ماڵی تایبەتیدان و کۆمەکی کۆمەڵایەتی و چاودێری وەردەگرن. پێویستە پێش سازکردنی هەر پەرەپێدانێك هەڵوێستی کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بزانن.

## ئایا دەتوانم داوای پارەی بریکاری بکەم؟

لەوانەیە بتوانن داوای پارەی بریکاری بکەن ئەگەر کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان نەتوانێت چاککردنەوەیێك بکات کە لەکاتی خۆیدا راگەیێندرابێت و ئەوەش کاریگەری هەبێت بۆ سەر تەندروستی و سەلامەتی و ئاسایشی ئێوە. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەشێ بەرزترین ئاستێك بۆ بایی چاککردنەوەیێکی رەوا دیاریبکات. پرسیار بکەن لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بۆ زانیاری یان پەیوەندی بکەن بە بنکەیێکی راوێژکاری ناوچەیی.

ئەگەر ئێوە کرێچین و پێویست بکات کە بۆ کاتی چاککردنەوەکان یان پەرەپێدان ماڵەکەتان بەجێبهێڵن، **پێویستە** شوێنێکی دیکەتان بۆ ئامادە بکرێت و لەوانەشە بتوانن داوای پارەی بارلێتێکدان بکەن.

ئەگەر پێویستیش بکات ماڵەکەتان بۆ هەمیشە چۆڵ بکەن لەوانەیە مافی ئەوەتان هەبێت کە پارەی بێماڵکەوتن وەرگرن.

ئەگەر ئێوە کرێچین و خۆتان پەرەپێدانی ماڵەکەتان سازدەکەن و بەو مەرجەی پێش کردنیان رەزامەندی نووسراوتان وەرگرتبێت لەوانەیە بتوانن داوای پارە لەبری ئەو ئیشە بکەن کاتێ کە واز لە کرێچیەتیەکەتان دەهێنن.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** زانیاریتان بداتێ سەبارەت بە چی و چۆنیەتی داواکردنەکەتان.

## خاوەن خانووەکان و بەشدارانی موڵك

ئەگەر ئێوە خاوەنی کاتی یان بەشداری موڵکن لێپرسراویەتیتان بەرامبەر چاککردنەوە و پەرەپێدان لە رێکەوتننامەکەتاندا دیاریکراون و دەبێ نامیلکەیێکیشتان بدرێتێ بۆ رێنوێنی.

ئەگەر ئێوە لە خانوودا بژین بەئاسایی لێپرسراوی خۆتانە کە هەموو ماڵەکەتان لەبارێکی باشدا راگرن.

ئەگەر لە ئەپارتمانیشدا بژین کۆمەڵەی خانووبەرە بەئاسایی دەرەوەی ماڵەکەتان و شوێنە هاوبەشەکان و ستروکتوور رادەگرێت بەڵام خۆتان دەبێ بەشی ناوەوە رابگرن.

خاوەنموڵکی کاتی مافی یاساییان هەیە کە بۆ کارسازی گەورە کە دەبێ لەرێگەی بایی خزمەتگوزاریەوە پارەی بدەن، راوێژکاریان بکرێت.

**پێویستە** زانیاریتان بدرێتێ و راتان وەربگیرێت سەبارەت بە نەخشەی درێژخایەنی چاکراگری گەورەی وەك سەربانی نوێ و دیکۆری دەرەوە.

لە هەندێك بارودۆخدا کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان لەوانەیە بتوانێت بایی خزمەتگوزاریەکان بۆ هەندێك کار کەم بکاتەوە کە بە شێوەییەکی تایبەتی دەرامەتیان بۆ پەیداکراوە. لەوانەشە مافتان هەبێت بۆ وەرگرتنی قەرزێك بۆ دانی پارەی ئەو شتانەی کە پەیوەندیان بە چاککردنەکەوە هەیە. ئەتوانن بۆ ئەمە داوای ئامۆژگاری لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن.

ئەگەر پەرەپێدانەکان بەشێوەیێك پێشنیارکرابن کە ئێوە پارەی زیاتر بدەن، **پێویستە** پێتان بوترێت کە چەند.

# زانیاری

کۆمەڵەی خانووبەرە **پێویستە** جۆریەتێکی باش لە خزمەتگوزاری دابین بکات بۆ دانیشتوان و ئەوانەی کە داخوازی خانوو دەکەن و پێویستە کە ئاستی چاودێری مامەڵەکاریان بەرزبێت.  واش چاوەڕێ دەکرێ لێیان کە لە کارەکانیاندا کراوە و راستگۆ و ڕوون بن.

ئەمەش وا دەگەیێنێت کە پێویستە زانیاریتان بدەنێ سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنیان و ئەو رامیاریانەی کە لەسەریان مەشق دەکەن.

ئێوە دەشێ ئەم زانیاریانە بە نامیلکە و کتێبی رێنوێنی و لاپەڕەی نووسراو لەلایەن کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانەوە بدرێتێ.  ئەگەر ئەو شتانەتان لا نیە دەتوانن داوای کۆپی بکەن.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** جێگەی لێپرسینەوەی دانیشتوەکانیان بن لەبەر ئەوە ئێوە دەبێ تەماکاری زانیاری بن سەبارەت بە چالاکی کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان کە چی دەکات بۆ کۆمەڵگەی ناوچەکە و ئاستی بەجێهێنانیان چەندە.

ئێوە دەبێ ئەم زانیاریانە لە راپۆرتی ساڵانە و راپۆرتی بەجێهێنان و پشکنین و بلاّوکراوە و بابەتی خۆناساندنیاندا ببینن.

هەموو زانیاریەکان دەبێ بە زمانێکی روون و بۆ خوێندنەوە ئاسان بن.  دەبێ بەشێوەی جیاجیاش پێشکەش بکرێن تاکو دڵنیابن کە پڕمانان و هەموو دانیشتوەکان تێیان دەگەن.

ئەگەر ئێوە وەك کرێچی یان خاوەنموڵکی کاتی یان بەشداری موڵك هەر زانیاریێکتا بوێت سەبارەت بە مافەکانتان و ئەو شتانەی کە دەتوانن داخوازیان بکەن و چۆنیەتی بەجێهێنانی مافەکانتان، دەبێ پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانەوە.  مافەکانتان دەکەونە سەر جۆری رێکەوتننامەکەتان و جۆری ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژین.

ئەو زانیاریانەش کە کۆمەڵەی خانووبەرە سەبارەت بە ئێوە هەیانە **پێویستە** بە سەلامەتی و متمانەیی بمێننەوە.  **پێویستە** نوێ بکرێنەوە و کاتێ کە پێویستیان نامێنێ بسڕێنەوە.

ئەگەر ویستتان زانیاری سەبارەت بە کرێچیەتی خۆتان ببینن دەبێ داوا لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن.  لەوانەیە داواتان لێ بکەن کە فۆرمێك پڕ بکەنەوە یان پارە بدەن.  کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ پێتان بڵێت کە چۆن دەتوانن زانیاری تایبەت بە خۆتان ببینن و **پێویستە** بە شێوەیێکی روون پێشکەشی بکەن.  کۆمەڵەی خانووبەرە لەوانەیە هەندێك زانیاریتان لێ بشارێتەوە کە بۆنموونە بە متمانەیی لە لایەنێکی سێهەم وەرگیراون.

ئەگەر کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان نەیەوێت ئەو زانیاریانەتان بداتێ کە داواتان کردوە، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە (ئۆفیسی چاودێری زانیاری)یەوە بۆ راوێژکاری (تەماشای لاپەڕە 24 بکەن بۆ ئادرەسەکان).  ئەگەر ئێوە هەچ زانیارییێك بە راست نازانن مافتان هەیە کە راستی بکەنەوە یان نارەزایی خۆتان تۆمار بکەن.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە تەنیا بە رەزامەندی ئێوە یان کاتێ کە یاسا بڕیار دەدا، دەتوانن زانیاری سەبارەت بە ئێوە بداتە کەسان یان رێکخراوی دیکە.

## ئایا مافەکانم دەتوانن بگۆڕرێن؟

هەندێك رێکەوتننامەی کرێچیەتی تەنیا پاش راوێژکاری لەگەڵ کرێچیەکانی پەیوەندیداردا دێنە گۆڕانکاری.

بۆ خاوەنموڵکی کاتی، بەگشتی مەرجەکانی رێکەوتن تەنیا بە رەزامەندی خۆتان دەبێت هەرچەندە کە دادگا دەتوانێت ئەو گۆڕانکاریانە بەزۆر بکات ئەگەر ئێوە و خاوەنموڵکەکە نەتوانن رێککەون.

# زانیاری

کۆمەڵەی خانووبەرە **پێویستە** جۆریەتێکی باش لە خزمەتگوزاری دابین بکات بۆ دانیشتوان و ئەوانەی کە داخوازی خانوو دەکەن و پێویستە کە ئاستی چاودێری مامەڵەکاریان بەرزبێت. واش چاوەڕێ دەکرێ لێیان کە لە کارەکانیاندا کراوە و راستگۆ و ڕوون بن.

ئەمەش وا دەگەیێنێت کە پێویستە زانیاریتان بدەنێ سەبارەت بە چۆنیەتی کارکردنیان و ئەو رامیاریانەی کە لەسەریان مەشق دەکەن.

ئێوە دەشێ ئەم زانیاریانە بە نامیلکە و کتێبی رێنوێنی و لاپەڕەی نووسراو لەلایەن کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانەوە بدرێتێ. ئەگەر ئەو شتانەتان لا نیە دەتوانن داوای کۆپی بکەن.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** جێگەی لێپرسینەوەی دانیشتوەکانیان بن لەبەر ئەوە ئێوە دەبێ تەماکاری زانیاری بن سەبارەت بە چالاکی کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان کە چی دەکات بۆ کۆمەڵگەی ناوچەکە و ئاستی بەجێهێنانیان چەندە.

ئێوە دەبێ ئەم زانیاریانە لە راپۆرتی سالآنە و راپۆرتی بەجێهێنان و پشکنین و بلآوکراوە و بابەتی خۆناساندنیاندا ببینن.

هەموو زانیاریەکان دەبێ بە زمانێکی روون و بۆ خوێندنەوە ئاسان بن. دەبێ بەشێوەی جیاجیاش پێشکەش بکرێن تاکو دڵنیابن کە پڕمانان و هەموو دانیشتوەکان تێیان دەگەن.

ئەگەر ئێوە وەك کرێچی یان خاوەنمولکی کاتی یان بەشداری مولك هەر زانیاریێکتا بوێت سەبارەت بە مافەکانتان و ئەو شتانەی کە دەتوانن داخوازیان بکەن و چۆنیەتی بەجێهێنانی مافەکانتان، دەبێ پەیوەندی بکەن بە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتانەوە. مافەکانتان دەکەونە سەر جۆری رێکەوتننامەکەتان و جۆری ئەو شوێنەی کە تێیدا دەژین.

ئەو زانیاریانەش کە کۆمەڵەی خانووبەرە سەبارەت بە ئێوە هەیانە **پێویستە** بە سەلامەتی و متمانەیی بمێننەوە. **پێویستە** نوێ بکرێنەوە و کاتێ کە پێویستیان نامێنێ بسڕێنەوە.

ئەگەر ویستتان زانیاری سەبارەت بە کرێچیەتی خۆتان ببینن دەبێ داوا لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن. لەوانەیە داواتان لێ بکەن کە فۆرمێك پڕ بکەنەوە یان پارە بدەن. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ پێتان بڵێت کە چۆن دەتوانن زانیاری تایبەت بە خۆتان ببینن و **پێویستە** بە شێوەیێکی روون پێشکەشی بکەن. کۆمەڵەی خانووبەرە لەوانەیە هەندێك زانیاریتان لێ بشارێتەوە کە بۆنموونە بە متمانەیی لە لایەنێکی سێهەم وەرگیراون.

ئەگەر کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان نەیەوێت ئەو زانیاریانەتان بداتێ کە داواتان کردوە، دەتوانن پەیوەندی بکەن بە (ئۆفیسی چاودێری زانیاری)یەوە بۆ راوێژکاری (تەماشای لاپەڕە 24 بکەن بۆ ئادرەسەکان). ئەگەر ئێوە هەچ زانیارییێك بە راست نازانن مافتان هەیە کە راستی بکەنەوە یان نارەزایی خۆتان تۆمار بکەن.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە تەنیا بە رەزامەندی ئێوە یان کاتێ کە یاسا بڕیار دەدا، دەتوانن زانیاری سەبارەت بە ئێوە بداتە کەسان یان رێکخراوی دیکە.

## ئایا مافەکانم دەتوانن بگۆڕرێن؟

هەندێك رێکەوتننامەی کرێچیەتی تەنیا پاش راوێژکاری لەگەڵ کرێچیەکانی پەیوەندیداردا دێنە گۆڕانکاری.

بۆ خاوەنمولکی کاتی، بەگشتی مەرجەکانی رێکەوتن تەنیا بە رەزامەندی خۆتان دەبێت هەرچەندە کە دادگا دەتوانێت ئەو گۆڕانکاریانە بەزۆر بکات ئەگەر ئێوە و خاوەنمولکەکە نەتوانن رێککەون.

# راوێژکاری و بەشداری

کۆمەڵەکانی خانووبەرە **پێویستە** جەخت لەسەر ئەوە بکەنەوە کە خزمەتگوزاریەکانیان بەپێی پێداویستیەکانی دانیشتوان بن و **پێویستە** بیروڕای دانیشتوان وەرگرن و وەلامیشیان بدەنەوە. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان **پێویستە** راوێژکاریتان لەگەڵ بکات ئەگەر بیەوێت گۆڕانکاری بکات لە رێکەوتننامەکانی چۆنیەتی بەرێوەبەرایەتی خانووبەرە و خزمەتگوزاریەکانی چاکراگرتنی ماڵەکەتان، لەوانەش گۆرانکاری لە باری خۆیاندا (وەك گۆڕران لە کۆمەڵەیێکی نا خێرەومەندی بۆ خێرەومەندی) یان هەچ چالاکیێك کە بە گۆڕینی خاوەنمولك کۆتایی بێت.

هەموو دانیشتوەکان **پێویستە** بواریان بدرێت تاکو رۆڵی خۆیان لە برپیاردانداا ببینن و **پێویستە** بواریشیان هەبێت کە بەشداربن لە چۆنیەتی رەوشی خزمەتگوزاریەکان و دیاریکردنی ئاستەکان.

کۆمەڵەکانی خانووبەرە دەبێ رێگای جۆراوجۆر بدۆزنەوە بۆ راوێژکاری لەگەڵ دانیشتوەکان وگەیاندنی وەلامەکان. کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە زانیاری شیاوتان بداتێ سەبارەت بەو بابەتانەی باسدەکرێن بەشێوەیێکی روون و وئاشکرا بۆ تێگەیشتن و پێگەیشتنیان لەلایەن هەموو دانیشتوەکانەوە. دەبێ بە ئێوە و هەموو بەشداربوان بواری تێبینی لەسەر چۆنیەتی کارەکانی بدات. کۆمەڵەکانی خانووبەرە دەبێ رێخۆشکەر بێ بۆ دانیشتوان کە وتەی خۆیان بەو شێوەیەی کە بەدڵیانە بگەیێنن.

کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان دەبێ زانیاریتان بداتێ کە چۆن بەشداری بکەن و کۆمەڵەکە چی دەکەن بە وەلامەکانی ئێوە. کۆمەڵەی خانووبەرەکەشتان **پێویستە** بگەڕێ بۆ پەرەپێدان و بەستنی رێکەوتن لەگەڵ دانیشتوەکاندا سەبارەت بە چۆنیەتی بەشداری و راوێژکاری ئێوە و ئەمە چۆن دەخرێتە کارکردن و چۆن رێکەوتنەکان چاودێری و سەرپەرشتی دەکرێن تاکو هەمیشە نوێ بکرێنەوە. دەتوانن داوای زانیاری لەم بارەیەوە لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان بکەن.

دەبێ ئێوە هان بدرێن و کۆمەك و ئامۆژگاریتان بدرێتێ تاکو بتوانن بواری هەڵبژاردنی رێگەی جۆراوجۆرتان هەبێت بۆ گەیشتن بە زانیاری و وریایی لە بەشداربوونێکی کاریگەر لە بەرێوەبەرایەتی ماڵەکەتان و دراوسێکانتان.

ئەگەر ئێوە کرێچی هاریکاریێکی هاوبەشی تەواون لێپرسراویتان هەیە بەرامبەر بە بەشداری تەواو لە گفتوگۆ و برپیاردان سەبارەت بە ماڵە هاریکاریەکانتان. هاریکاریەکەتان دەبێ ئەوپەڕی توانا بەکار بهێنن بۆ بەشدارکردنی ئێوە.

لاپەڕە 19

دەتوانن زانیاری زیاتر لەسەر خزمەتگوزاری ناوبژیکاری لە کۆمەڵەی خانووبەرەکەتان یان بنکەیێکی راوێژکاری ناوچەیی وەرگرن یا راستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە خزمەتگوزاری ناوبژیکاری. (تەماشای لاپەڕە 24 بکەن بۆ ئادرەسەکە).

ئەگەر سکالاَکەتان سەبارەت بە جیاکاری رەگەزپەرستی یان توخم بێت دەشتوانن کە بچن بۆ (کۆمیتەی یەکسانی رەگەزی) یان (کۆمیتەی بواری یەکسان) بۆ داوای یارمەتی. (تەماشای لاپەڕە 24 بکەن بۆ ئادرەسەکان).

# بۆ زانیاری زیاتر

## پەیوەندی بەسوود

خزمەتگوزاری ناوبژیکاری خانووبەرە
**Housing Ombudsman Ser vice**
81 Aldwych
London WC2B 4HN
Tel: 020 7421 3800
LoCall: 0845 7125 973
Minicom: 020 7404 7092
Email: info@housing-ombudsman.org.uk
Web: www.housing-ombudsman.org.uk

کۆمیتەی یەکسانی ڕەگەز
**Commission for Racial Equality**
St Dunstan's House
201-211 Borough High Street
London SE1 1GZ
Tel: 020 7939 0000
Web: www.cre.gov.uk

کۆمیتەی یەکسانی بوار
**Equal Opportunities Commission**
Arndale House
Arndale Centre
Manchester M4 3EQ
Tel: 0845 601 5901
Web: www.eoc.org.uk

لەمانگی ئۆکتۆبەری 2007 ئەم دوو کۆمیتەیە دەگۆڕرێن بە:

کۆمیتەی یەکسانی و ماڤی مرۆڤ
**Commission for Equality and Human Rights**
Kingsgate House
66-74 Victoria Street
London SW1E 6SW
Tel: 020 7215 8415
Web: www.cehr.gov.uk

ئۆفیسی چاودێری زانیاری
**Information Commissioner's office**
Wycliffe House
Water Lane
Wilmslow
Cheshire SK9 5AF
Tel: 01625 545745
Web: www.ico.gov.uk

کۆمەڵەی بەڕێوەبەرانی خانووبەرەی خانەنشینی
**Association of Retirement Housing Managers**
3rd Floor
Southbank House
Black Prince Road
London SE1 7SJ
Tel: 020 7463 0660
Website: www.arhm.org

کۆمەڵەی نیشتمانی بیرۆکانی راوێژکاری هاووڵاتیان
**National Association of Citizens Advice Bureaux**
Myddleton House
115-123 Pentonville Road
London N1 9LZ
Tel: 020 7833 2181
Web: www.citizensadvice.org.uk

فیدراسیۆنی خانووبەرەی نیشتمانی
**National Housing Federation**
Lion Court
25 Procter Street
London WC1V 6NY
Tel: 020 7067 1010
Web: www.housing.org.uk

خزمەتگوزاری راوێژکاری خاوەنموڵکی کاتی
**LEASE - The Leasehold Advisory Service**
31 Worship Street
London EC2A 2DX
Tel: 020 7374 5380
LoCall: 0845 345 1993

# ئۆفیسەکانی ئێمە

Maple House
149 Tottenham Court Road
London W1T 7BN

بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندیمان پێوەبکەن بە:

Tel: 0845 230 7000
Fax: 0113 233 7101
E-mail: enquiries@housingcorp.gsx.gov.uk
Internet: www.housingcorp.gov.uk

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بەم بلاّوکراوەیە تکایە تەلەفۆن بکەن بۆ 08452307000 یان ئیمەیڵ enquiries@housingcorp.gsx.gov.uk

ئێمە دەتوانین کۆپی بە نووسینی گەورە و برێل و کاسێتی دەنگ بەپێی داخوازی پێشکەش بکەین. هەندێك زمانی دیکەش لەوانەیە لە ئارادابن.